# داود و جالوت

زەبوورەکان ٢٧ و ١ ساموئێل ١٧

لە وانەی ڕابردووماندا دەستمان کرد بە سەرنجی پێغەمبەر داود. با بزانین بۆ ئەوەی خودا گەواهی دا سەبارەت بەو: داودی کوڕی یەسام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی من، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات. (کرداری نێردراوان ١٣: ٢٢) بینیمان چۆن خودا داود دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە دووەم پاشای ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی شائولی یەکەم پاشا بە گوێی ووشەی خودای نەکرد. هەرچەندە داود یەکسەر نەبوو بە پاشای ئیسرائیل لەو ڕۆژەی خودا دەست نیشانی کرد. هێشتا گەنج بوو و ئەو کاتەی خودا داینابوو بۆ ئەو بۆ ئەوەی شانەشینەکە وەربگرێ هێشتا نەهاتبوو. لەپاش ئەوەی دەست نیشان کرا وەك پاشا، داود گەڕایەوە کێڵگەکانی دەرەوەی شاری بێت لەحم بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانی باوکی.

ئێستا چیرۆکێکی دڵ ڕفێن دەخوێنینەوە کە پشان دەدات چۆن خودا لەگەڵ داود بوو، لەبەر ئەوەی داود لەگەڵ خودادا ڕۆیشت. وانەکەمان بە ناوی (داود و جالوت)ـە. با ئێستاش بەردەوام بین لە یەکەم سیپارەی ساموئێل، بەشی حەڤدەمین. نووسراوی پیرۆز
دەفەرموێ: (١ ساموئێل ١٧) ١ ئینجا فەلەستییەکان هێزەکانیان بۆ جەنگ کۆکردەوە... ٢ شاول و پیاوانی ئیسرائیلیش کۆبوونەوە و لە
(دۆڵی ئێلە)دا بۆ جەنگ دامەزران و بەرەیان بەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکان. ٣ جا فەلەستییەکان لەسەر کێوێک لەمبەر و
ئیسرائیلیش لەسەر کێوێک لەوبەر ڕاوەستابوون و دۆڵێکیشیان لەنێواندا بوو.

٤ پاڵەوانێک لەناو سوپای فەلەستییەکان هاتە دەرەوە ناوی (گۆلیات) بوو، خەڵکی گەت بوو و درێژییەکەی شەش باڵ و بستێک بوو.
٥ کڵاوێکی مسی لەسەر سەری دابوو و سپەرێکی پۆلەکیشی لەبەردا بوو و کێشی سپەرەکە پێنج هەزار شاقل مس بوو. ٦ هەروەها
پوزەوانەی مس بە قاچەکانییەوە بوو و ڕمێکی مسیش لەنێو شانەکانیدا بوو، ٧ دەسکی ڕمەکەی وەک نۆردی جۆڵاکان وابوو و
نووکەکەشی شەش سەد شاقل ئاسن بوو، هەڵگری قەڵغانەکەی لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت.

٨ جا گۆلیات وەستا و بانگی ڕیزەکانی ئیسرائیلی کرد و پێی وتن: (بۆ هاتوونەتە دەرەوە تا بۆ جەنگ ڕیزببەستن؟ ئایا من فەلەستی و
ئێوەش خزمەتکارانی شاول نین؟ جا پیاوێک بۆ خۆتان هەڵبژێرن با بۆم بێتە خوارەوە. ٩ ئەگەر توانی لەگەڵمدا بجەنگێت و بمکوژێت
ئەوا دەبینە خزمەتکارتان، بەڵام ئەگەر من بەسەریدا زاڵ بووم و کوشتم، ئەوا ئێوە دەبنە خزمەتکارمان و خزمەتمان دەکەن.)
١٠ ئینجا فەلەستییەکە وتی: (من ئەمڕۆ سووکایەتیم بە ڕیزەکانی ئیسرائیل کردووە، پیاوێکم بدەنێ تا پێکەوە لەگەڵ یەکتری
بجەنگین.) ١١ کاتێک شاول و هەموو ئیسرائیل گوێیان لە قسەکانی فەلەستییەکە بوو، سڵەمینەوە و زۆر ترسان.

کاتی جالوت گاڵتەجاڕی بە ئیسرائیل دەکرد، داود بێ ئاگا خەریکی لەوەڕاندنی مێگەلەکانی باوکی بوو و لە جەنگ دوور بوو و سەرنجی ووشەی خودای دەدا، و عوودەکە لێ دەدا و گۆرانی بۆ پەروەردگار دەوت. بەڵام داود سێ برا گەورەی هەبوو کە سەرباز بوون لە سوپای ئیسرائیل. ڕۆژێك باوکی هات و پێی ووت، (بڕۆ سەر لە براکانت بدە لە سەنگەری جەنگدا و هەواڵم بۆ بێنەوە بارودۆخەکە چۆنە.) بەو شێوەیە داود مەڕەکانی لای شوانێکی تر بەجێ هێشت، بەیانی زوو لە خەو هەڵسا و بەرەو گۆڕەپانی جەنگ ڕۆیشت.

کاتێ داود سڵاوی لە برا گەورەکانی دەکرد و قسەی لەگەڵیان دەکرد، جالوت، پاڵەوانی فەلەستینیەکان دەرچووە دەرەوە لە هێڵەکانی خۆیان کە بەرامبەر سەربازەکانی ئیسرائیل بوون و دەستی بە هەڕەشە کردن کرد وەك ئەو چل ڕۆژەی لەوەپێش. کاتێ سەربازەکانی ئیسرائیل ئەویان بینی، ڕایان کرد لە ترسان. پاشان کەسێك بە داودی ووت، (ئەو پیاوە دەبینی؟ بەردەوام تەحەددامان دەکات. هەرکەسێك بیکوژێ ئەوا پاش شائول زۆر خەڵاتی دەکات و کچی خۆی دەداتێ و ماڵی باوکی چی دی پێویست ناکات باج بدەن.)

پاشان داود ووتی، (ئەو فەلەستینیە سونەت نەکراوە، خۆی بە کێ دەزانێ تەحەددای سوپاکانی خودای زیندو دەکات؟) کاتێ وای ووت، براگەورەکەی داود لێی توڕە بوو و پێی ووت، (بۆچی هاتی بۆ ئێرە؟ و ئەو چەن مەڕەت لە بیابان لای کێ بەجێ هێشت؟ دەزانم بۆچی هاتی بۆ ئێرە. تەنها دەتەوێ تەماشای شەڕەکە بکەی!) بەڵام، یەك لە سەربازەکانی سوپای ئیسرائیل گوێی لەو ووشە ئازایانەی داود بوو کەباسی زەبەلاحەکەی دەکرد و ڕۆیشت باسی کرد لای شائولی پاشا. پاشان شائول ناردی بەدوای داود و لێی پرسی.

بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ١٧) [٣٢] داود بە شاولی وت: (کەس بەهۆی ئەوەوە دڵی نەکەوێت. خزمەتکارەکەت دەچێت و لەگەڵ ئەو فەلەستییە دەجەنگێت.) [٣٣] شاولیش بە داودی وت: (ناتوانیت بچیت بۆ ئەو فەلەستییە و لەگەڵیدا بجەنگیت، چونکە تۆ منداڵیت و ئەویش لە منداڵییەوە جەنگاوەرە.) [٣٤] داودیش بە شاولی وت: (خزمەتکارەکەت شوانی مەڕەکانی باوکی بوو، شێرێک و ورچێک هاتن و مەڕێکیان لە مێگەلەکە برد و [٣٥] منیش بە دوایدا دەرچووم و کوشتم و لە دەمی دەربازم کرد، کە بۆم هەڵستایەوە ڕیشیم گرت و لێم دا و کوشتم. [٣٦] خزمەتکارەکەت شێرەکە و ورچەکەی کوشت و ئەو فەلەستییە خەتەنەنەکراوەش وەک یەکێک لەوان دەبێت، چونکە سووکایەتی بە ڕیزەکانی خودای زیندوو کردووە.) [٣٧] هەروەها داود وتی: (پەروەردگار کە منی لە چنگی شێرەکە و ورچەکە دەربازکرد، هەر ئەو لە چنگ ئەم فەلەستییە دەربازم دەکات.)

شاولیش بە داودی وت: (بڕۆ، با پەروەردگار لەگەڵتدا بێت.) [٣٨] ئینجا شاول کراسەکەی خۆی لەبەر داود کرد و کڵاوێکی مسی لەسەر سەری دانا و سپەرێکی لەبەرکرد. [٣٩] داودیش شمشێرەکەی لەسەر کراسەکەی بەست و ویستی پێیانەوە بڕوات، چونکە تاقی نەکردبۆوە. ئینجا داود بە شاولی وت: (ناتوانم پێیانەوە بڕۆم، چونکە تاقیم نەکردوونەتەوە.) جا داود لە خۆیی کردنەوە و [٤٠] گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت و پێنج بەردی لووسی لە دۆڵەکەدا هەڵبژارد و لەناو تورەکەی شوانییەکەدا لەناو کۆڵەگەکەیدا داینان و قۆچەقانییەکەی بەدەستەوە گرت و لە فەلەستییەکە چووە پێش.

[٤١] ئینجا فەلەستییەکە ڕۆیشت و لە داود نزیک بۆوە هەڵگری قەڵغانەکەشی لەگەڵیدا بوو. [٤٢] کاتێک فەلەستییەکە تەماشای کرد و داودی بینی، گاڵتەی پێکرد، چونکە منداڵ بوو و سوورە و قۆز بوو. [٤٣] فەلەستییەکە بە داودی وت: (من سەگم تا تۆ بە گۆچانەوە بۆم بێت؟) ئینجا فەلەستییەکە بە خوداکانی خۆی نەفرەتی لە داود کرد و [٤٤] بە داودی وت: (بۆم وەرە تا گۆشتت بە باڵندەکانی ئاسمان و دڕندەکانی دەشتودەر بدەم!)

[٤٥] داودیش بە فەلەستییەکەی وت: (تۆ بە شمشێر و ڕم و قەڵغانەوە بۆم دێیت و منیش بە ناوی پەروەردگاری سوپاسالارەوە بۆت دێم، خودای ڕیزەکانی ئیسرائیل ئەوەی سووکایەتیت پێی کرد. [٤٦] ئەمڕۆ پەروەردگار لە دەستمدا بەندت دەکات و دەتکوژم و سەرت لێ دەکەمەوە، ئەمڕۆ لاشەکانی سوپای فەلەستییەکان بە باڵندەکانی ئاسمان و ئاژەڵەکانی زەوی دەدەم، جا هەموو زەوی دەزانێت خودایەک هەیە بۆ ئیسرائیل. [٤٧] هەموو ئەم کۆمەڵەش دەزانن کە ڕزگاری پەروەردگار بە شمشێر و ڕم نییە، چونکە ئەم جەنگە هی پەروەردگارە و ئێوەمان دەداتە دەست.)

[٤٨] جا کاتێک فەلەستییەکە هەڵستا و ڕۆیشت بۆ نزیکبوونەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داود، داود بە پەلە ڕووەو ڕیزەکە ڕایکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکە. [٤٩] ئینجا داود دەستی بۆ تورەکەکەی درێژ کرد و بەردێکی لێی دەرهێنا و بە قۆچەقانییەکەی تێی گرت و لە ناوچەوانی فەلەستییەکەی دا، بەردەکە لەناوچەوانیدا چەقی و بەدەمدا بەسەر زەویدا کەوت. [٥٠] جا داود بە قۆچەقانی و بە بەرد بەسەر فەلەستییەکەدا سەرکەوت و لە فەستییەکەی دا و کوشتی و داود هیچ شمشێری بەدەستەوە نەبوو. [٥١] ئینجا داود ڕایکرد و لەسەر فەلەستییەکە وەستا و شمشێرەکەی هەڵگرت و لە کێلانەکەیەوە ڕایکیشا و کوشتی و بە شمشێرەکەی سەری بڕی. جا کاتێک فەلەستییەکان بینییان وا پاڵەوانەکەیان مردووە هەڵاتن. [٥٢] ئینجا پیاوانی ئیسرائیل و یەهودا هەڵستان و هاواریان کرد و تا دەگەیتە

جێگەی چوونەژوورەوەی گەت و تا دەروازەکانی عەقرۆن دوایان کەوتن و کوژراوەکانی فەلەستییەکان لە ڕێگای شەعەرایمدا تا گەت و عەقرۆن کەوتن.

بەو شێوەیە، دەبینین چۆن داودی گەنج نەتەوەکەی خۆی ڕزگار کرد لە دەستی دوژمنایان بە قۆچەقانێك و بەردێك و باوەڕێکی پتەو بە خودای زیندوو. بە ڕاستی، چیرۆکی داود و جالوت چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە و پڕە لە پەندی گرنگ.

بینیمان چۆن شائول و سەربازەکانی ئیسرائیل چەن زۆر لە جالوت دەترسان. کەسیان نەیدەوێرای لەگەڵی شەڕ بکات، بەڵام داود لەو زەبەلاحە نەترسا، بەڵکو دای بەعەردا و کوشتی! شائول و سەربازەکانی بۆچی دەترسان، بەڵام داود نەدەترسا؟ چ جیاوازییێك هەبوو لەنێوان داود و سەربازەکانی ئیسرائیل؟ دەتوانین جیاوازییەکانی نێوانیان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: داود لە زەبەلاحەکە نەدەترسا لەبەر ئەوەی باوەڕی بە پەروەردگار خودا هەبوو. شائول و سەربازەکانی متمانەیان بە خودا نەبوو. بۆیە لە زەبەلاحەکە دەترسان.

شائول و سەربازەکانی تەنها زەبەلاحێکی بە هێزیان دەبینی. داود خودای باڵادەستی بینی! شائول و سەربازەکانی شێوازێکی ئایینیان هەبوو، بەڵام ئەوە وای نەکرد کە پەیوەندییێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ خودا هەبێ. سەر بە ئایینێك بوون واناکات کە سەر بە خودا بیت. شائول و سەربازەکانی زۆر چاك دەیانزانی خودا بوونی هەیە، کە خودا یەکە، و کە خودا مەزن و بە هێزە. بەڵام ئەو زانیارییە وای نەکرد ڕزگاریان بکات لە جالوت. بەڵام داود پەیوەندییێکی تاکی لەگەڵ خودا باڵادەستی زیندوو هەبوو! داود خودای دەناسی و لەگەڵی ڕۆیشت. داود باوەڕی بە بەڵێنەکانی خودا هەبوو. بۆیە لە زەبەلاحەکە نەدەترسا.

تۆ زیاتر بە کامیان دەچی؟ داود یان شائول و سەربازەکانی؟ ئایا خودا بە کەسیانە دەناسی؟ یان هەندێك شتت گوێ لێ بووە دەربارەی ئەو؟ ئایا ووشەی خودا بە چاکی دەناسی کەوا دڵتی پڕ کردووە لە خۆشی؟ یاخود تۆ تەنها دەتەوێ واجباتی ئایینی خۆت جێ بەجێ بکەی؟ ئایا پەیوەندییێکی توند و خۆشحاڵت لەگەڵ خودای زیندوو هەیە؟ یاخود تەنها ئایینێکی ووشکت هەیە؟

با بخوێنین لەوەی داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی سەبارەت بەو پەیوەندییەی لەگەڵ خودا هەیبوو، دەفەرموێ: ( پەروەردگار شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت... ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای... بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە.) (زەبوورەکان ٢٣: ١، ٤، ٦)


ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆش پەیوەندییێکی نزیکت لەگەڵ پەروەردگار خودا هەیە؟ ئایا وەك شوانی خۆت دەناسی؟ ئایا دڵنیای کە لە ماڵی ئەودا لە بەهەشت نیشتەجێ دەبی تاهەتا؟ داود ئەو متمانەیەی هەبوو، لەبەر ئەوەی بەڵێنە سەرنج ڕاکێش و بە بەهایەکانی پەروەردگار خودای دەزانی. و نەك تەنها بە بیر ئەو شتانەی زانی، بەڵکو لە دڵیشدا باوەڕی پێی هەبوو.

داود باوەڕێکی تاکی هەبوو. باوەڕی ئەو لەسەر بنەمای ووشە بێ پشت بەستراوەکانی مرۆڤ نەبوو. باوەڕی ئەو لەسەر بنەمای ووشە مایەی متمانەکانی پەروەردگار خودا بوو کە هەرگیز خەڵکی خۆی پشت گوێ ناخا! با ئاشنا بین داود چی نووسیوە لە زەبوورەکان: (پەروەردگار ڕووناکی و ڕزگاری منە، لە کێ بترسم؟ پەروەردگار قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟... ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات، دڵم نالەرزێت. ئەگەر جەنگ بەرپا بکەن دژم، ئەو کاتەش هەر ئاسوودە دەبم. یەک شتم لە پەروەردگار دەوێت، ئەوەی لێ داوا دەکەم: کە هەموو ڕۆژانی ژیانم لە ماڵی پەروەردگار نیشتەجێبم، تا تەماشای جوانی پەروەردگار بکەم و لە پەرستگاکەی ورد ببمەوە... گوێت لە دەنگم بێ ئەی پەروەردگار کاتێ بانگت دەکەم، بەزەییت پێمدا بێتەوە و وەڵام بدەوە. دڵم پێت دەڵێت، خۆت وتووتە: (بەدوای مندا بگەڕێن!) داوای ڕووی تۆ دەکەم ئەی پەروەردگار.) (زەبوورەکان ٢٧: ١، ٣، ٤، ٧، ٨)

(خۆشمدەوێی پەروەردگار، ئەی هێزی من. پەروەردگار تاشەبەردی منە، قەڵامە و ڕزگارکەرمە، خودام تاشەبەردی منە کە پەنای بۆ دەبەم، قەڵغانمە، قۆچی ڕزگاریمە، پەناگامە... بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێک تێکبشکێنم، لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شوورەکاندا سەربکەوم. ڕێگای خودا تەواوە، وتەی پەروەردگار بێگەردە. ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.)
(زەبوورەکان ١٨: ١، ٢، ٢٩، ٣٠)

لە وانەی داهاتووماندا بەردەوام دەبین لە چیرۆکی پێغەرمبەر داود و دەبینین چۆن دەستی کرد بە حوکمڕانی وەك پاشای ئیسرائیل.

خودا بەرەکەتدارت بکات. ماڵ ئاوییت لێ دەکەین لەگەڵ ئەم ووشانەی داود لە پەرتوکی زەبوورەکان: تامی بکەن و ببینن کە پەروەردگار چاکە! خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی پەنای بۆ دەبات! (زەبوورەکان ٣٤: ٨)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. شائول و سەربازەکانی بۆچی دەترسان، بەڵام داود نەدەترسا؟
٢. چ جیاوازییێك هەبوو لەنێوان داود و سەربازەکانی ئیسرائیل؟
٣. تۆ زیاتر بە کامیان دەچی؟ داود یان شائول و سەربازەکانی؟
٤. ئایا ووشەی خودا بە چاکی دەناسی کەوا دڵتی پڕ کردووە لە خۆشی؟ یاخود تۆ تەنها دەتەوێ واجباتی ئایینی خۆت جێ بەجێ بکەی؟
٥. ئایا پەیوەندییێکی توند و خۆشحاڵت لەگەڵ خودای زیندوو هەیە؟ یاخود تەنها ئایینێکی ووشکت هەیە؟
٦. ئایا تۆش پەیوەندییێکی نزیکت لەگەڵ پەروەردگار خودا هەیە؟
٧. ئایا وەك شوانی خۆت دەیناسی؟
٨. ئایا دڵنیای کە لە ماڵی ئەودا لە بەهەشت نیشتەجێ دەبی تاهەتا؟

## رێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی رێگای راستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org